# زمناکۆ عەزیز سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان سەردانی زیندانیە مانگرتوەکانی کانی گۆمەی کرد.

ئەمرۆ سەعات 12ی نیوەرۆ زمناکۆعزیز سکرتیری کۆمیتەی ڕابەری و هونەر علی کەریم کادری حیزب سەردانی زیندانیە مانگرتووەکانی کانی گۆمەیان کرد، زیندانییەکان بە خۆشحالیو سەر گەرمییەوە پیشوازیان لە هاورییان کردو ئەم سەردانەیان بە هاوپشتیو پشتیوانییەکی گرنگ لە حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقەوە لە قەلەمدا بۆ مانگرتنەکەیان. هەروەها ئەوە راگەیەندرا کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بەجدی بەرگری لە داخوازییەکانی خەلکی کوردستان دەکاتو لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتیەکاندا ڕادەوەستێت. ئەوەی شایانی باسە بلاوکراوەی ئۆکتۆبەریان بەچەند ژمارەیەك بۆ بردنو بلاویان کردەوە. پاش سەعاتیك لە قسەوباس بەشورشەوقەوە سەردانەکەیان کۆتایی پێهات.

دواتر لە سەعات چواری دوای نیوەردا ئەکرم محمد نادر ئەندامی کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانو شاد ئیبراهیم ئەندامی کۆمیتەی سلیمانی سەردانیانی زیندانیەکایان کردەوەو ئامادەییان نیشاندا بۆ دابینکردنی پیداویستەکانیان.

**ریکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق**

2006/8/19